


# نامەکانی عەشق و دڵداریی ناودارە گەورەکان سەرلەنوێ دەردەکەونەوە


و: هەورامان وریا قانع

(ڕۆژێك تێنەپەڕیوە بەبێ ئەوەی خۆشمنەویستبیت، شەوێکم بەسەرنەبردووە بیرم لەتۆ نەکردبێتەوە، کوپێك قاوەم نەخواردووەتەوە، بەبێ ئەوەی نەفرەت لە نەمریو تموح نەکەم کە وایانکردووە لە خۆشەویستەکەی ژیانم دوورکەومەوە. لە سەروبەندی سەرقاڵبوونەکانمو لەو دەمانەی سەرکردایەتیی سەربازەکان دەکەمو بەناو سەربازگەکاندا دێمو دەچم، تەنها جۆزفینی ئازیز لە قوڵایی دڵمدایە، ڕۆحی داگیرکردووم، فیکرو هۆشم لای ئەوە. گەر بەخێرایی ڕۆشتنی ڕووباری (راین) لێت دوورکەوتوومەتەوە، ئەوە بۆ ئەوەیە بەزووترین کات بگەڕێمەوە تاکو بتبینم، من گەر شەوان لەخەو هەڵدەستمو ئیشدەکەم، بۆ ئەوەیە پەلە بکەم لە گەڕانەوەم بۆ لای هاوڕێو هاودەمە ناسکەکەی تەمەنم).

کێ باوەڕدەکات نووسینی ئەو دێڕە رۆمانسییانە «ناپلیۆن بۆناپارتە ١٧٦٩-١٨٢١» کە یەکێك بوو لە هەرە ئیمپراتۆرە بەهێزەکانی ئەوروپا، ئەوە چەند بەشێکی ئەو نامەیەی «ناپلیۆن»ە، کە لەشاری (نیس)ەوە بۆ «جۆزفین»ی هاوسەری نووسیوە، «ناپلیۆن» لەکاتی نووسینی نامەکەدا بەرێگاوە بووە بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر ئیتالیا لە ساڵی ١٧٩٦دا. بەم دواییانە (مۆزەخانەی دەستنووس‌و نامەکان) لە پاریس لە پێشانگەیەکدا کە ناونیشانی (لەبارەی خۆشەویستییەوە قسەم بۆ بکە)ی لەخۆگرتبوو، نوسخەی ئەسڵیی ئەو نامەیەیان نمایشکرد. ئەو نمایشە جوانترین ئەو نامانەی لەخۆگرتبوو کە لەسەر خۆشەویستی نووسرابوون، ئەم مۆزەخانەیە ساڵی ١٩٩٧ بڕی ١٠٠ هەزار یۆرۆی داوە تاکو ئەو نامەیەی «ناپلیۆن» بەدەستبێنێت، ئیمپراتۆری مەزن جگە لەوەی لە بورای سیاسەت‌و سەربازیدا بلیمەت بووە، دەرکەوتووە لە بواری هونەری نامەنووسینیشدا بلیمەت بووە، کە نزیکەی ٣٣ هەزار نامەی نووسیوە و بەشی هەرە زۆریان لە کتێبخانەی بەریتانیادا پارێزراون «ناپلیۆن» توانیویەتی لەیەککاتدا زیاد لە ١٠ نامە بۆ هاوکارەکانی پڕبکاتەوە، بەڵام «ناپلیۆن» جوانترین نامەی بە دەستوخەتی خۆی بۆ ژنی یەکەمی «جۆزفین» نووسیوە، لەگەڵ ئەوەشدا نامەی خۆشەویستیی بۆ ژنی دووەمی «ماری لویس» کە ئیمپراتۆری مەجەر بووە نووسیوە، هەروەها نامەی خۆشەویستیی بۆ عەشیقەکەی «دیزیریە کلاری» نووسیوە، کە دواتر پێکەوە لەگەڵ «ناپلیۆن» بۆ دورگەی (سانت هیلین) دووردەخرێنەوە.

بەدووریی چەند مەترێك لە «ناپلیۆن»ەوە، نامەکانی ئیمپراتۆری روسی «ئەسکەندەری دووەم ١٨١٨-١٨٨١» دەبینین کە لە هەموو پاشاکانی دیکەی روسیا شەعبیەتی زیاتر بووە، تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی پێی بڵێن «ئەسکەندەری رزگارکەر»، چونکە لە ساڵی ١٨٦١دا جوتیارەکانی لەدەست رژێمی دەرەبەگایەتی رزگارکردووە، ئەم ئیمپراتۆرە بە کەسایەتییەکی نەرمونیان‌و خۆشەویستیی زۆری بۆ «کاترین» ناسراوە. «کاترین» نازناوەکەی کاتیا بوو، چیرۆکی بەسەرهاتی ئەم دوانە لەو نامە ئاگراویانەدایە کە «ئەسکەندەری دووەم» بە درێژایی دە ساڵ بۆ «کاترین»ی نووسیوە، تا دواجار ساڵی ١٨٨٠ مارەیدەکات‌و دەیگوێزێتەوە، کەچی دوای ئەوە بەساڵێك «ئەسکەندەری دووەم» لەسەردەستی یاخیبووەکان تیرۆردەکرێ. ئەم نامانە کە بەهۆی تێپەڕینی رۆژگارەوە هیچی ئەوتۆی بەسەرانەهاتووە تەنها کەمەکێك زەرد هەڵگەڕاون، بە زمانێکی فەرەنسیی ئاست بەرز نووسراون، ئەمەش سیفەتێکی ئەو سەردەمەبووە کە تێیدا زمانی «مۆلێر» لەناوەندی خانەدانەکانی روسیادا بڵاوبووەوە، هیچ نامەیەك لەو نامانە ئیمزای ئیمپراتۆریان لەسەر نییە‌و هیچیشیان ناوی «کاترین»ی تێدانییە، لەترسی ئەوەی نەبادا بکەونە بەردەستی سیخوڕەکان، ئیمپراتۆر تەنها ئەم وشەیەی لە کۆتایی هەموو نامەیەکدا نووسیوە‌و لە هەموو نامەکاندا دووبارەبووەتەوە: (مبو نا بسردا) ماناکەی (بۆ تۆ تا هەتاهەتایە)، ئەوە وەك وشەیەکی نهێنی وابووە لەنێوان هەردووکیاندا، نامەکان رۆژو مانگ‌و کاتەکانی لەسەر نووسراوە، وەك ئەوەی رۆژژمێرێکی رۆژانەبێت، ئیمپراتۆر لەو نامانەدا باسی ئەو رووداوە گرنگانە دەکات کە دوور لە خۆشەویستەکەیەوە پێداتێدەپەڕێت، هەروەها باس لەو ترسە دەکات کە لەوانەیە لە دەسەڵات لایبەرن‌و باس لەو حەماسەتەی دەکات کە بۆ چاککردنی بارودۆخی هەژارەکان هەیەتی. کەسایەتییە نەرمونیانەکەی ئەم ئیمپراتۆرە، ئەو کاتە دەردەکەوێ کە لە یەکێك لەنامەکانیدا بەشێوەیەکی رۆمانسیانە دەنووسێ: (سەرلەنوێ هەستدەکەم من و تۆ چەند تامەزرۆی یەکین، بەرادەیەك ئەوە دەمترسێنێ‌و تۆ بۆخۆت دەزانی لەبەرچی. ئازیزە خنجیلانەکەم، بەوە تۆمەتبارم مەکە نامەکانم کورتن، من تەنها لەکاتی بوونی دەرفەتێکدا دەتوانم نامە بنووسم، دانی پیادەنێم بوونی ئەو دەرفەتە لەبەر سەرقاڵییە زۆرەکانم بووەتە شتێکی زەحمەت، من تەنها بەشەو ئەو شتانەم بیردەکەوێتەوە کە پێویست بوو پێتڕاگەێنم).

«فیکتۆر هیگۆ» رۆمانسییەکی خۆشمەشرەب‌و هەروەها سادەو ساکار، ئەمەیە دەتوانین بەخوێندنەوەی



نامە سۆزئامێزەکانی ئاشکرای بکەین، سیاسیو وێنەکێشو ئەدیبی بەناوبانگی فەرەنسیو خاوەنی شاکاری (بێنەوایان)و (قەمبوورەکەی نۆتردام) زیاد لە ٢٠ هەزار نامەی خۆشەویستیی نووسیوە، زۆربەیانی بۆ عەشیقە ئەکتەرەکەی «جولێت» نووسیوە، کە لە ساڵی ١٨٣٣ ناسیویەتیو بە درێژایی ٥٠ ساڵ نامەی بۆ نووسیوە، بەبێ ئەوەی بتوانێ بیهێنێت، چونکە دابونەریتی ئەو سەردەمەی فەرەنسا رێگەی نەداوە کەسێکی خانەدان ئەکتەرێك بێنێت. نامەکانی «فیکتۆر هیگۆ» لەلایەن «جولێت»ەوە جارێك بە نامەیەکی گاڵتەئامێزو جارێکیتر بە نامەیەکی لۆمەکارانە وەڵام دراونەتەوە، «جولێت» هەموو جارێ نامەکانی بەم وشەیە دەستپێکردووە: (ئازیزەکەم توتو)، ئەم نامانە بە جوانترینو بەرزترین نامەی خۆشەویستی دادەنرێن کە لە ئەدەبی فەرەنسیدا نووسراون. لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو نامانە دەریخستووە «جولێت» کاریگەریی لەسەر ئەدەبی «فیکتۆر هیگۆ» هەبووە، بەتایبەتی لەسەر شاکارە مەزنەکەی (بێنەوایان)، پاڵەوانی رۆمانی بێنەوایان کە ناوی «کۆزیت»ە سەرچاوەکەی لە بەسەرهاتی ژیانی راستەقینەی «جولێت»ەوە وەرگیراوە، «جولێت» پێش ئەوەی ببێت بە ئەکتەرێکی ناسراو، بە هەتیویو هەژاری ژیاوەو گەورەبووە. لەبەرئەوەی نامەکانی ئەم دوانە کە بۆ یەکیان نووسیوە، زۆر چڕوپڕ بووە، هەموو رۆژێك هەریەکەیان دوو لاپەرە بۆ چوار لاپەرەی بۆ ئەویتریان نووسیوە، بۆیە زانیارییەکی زۆری سەبارەت بەو ماوە مێژووییە لەخۆگرتووە کە «فیکتۆر هیگۆ»ی تێدا ژیاوە، نامەکان رێگە بەوە دەدەن هەڵوێستی «فیکتۆر هیگۆ» سەبارەت بە هەندێ رووداوی گرنگی ئەو سەردەمە بزانرێت، وەك دژایەتیکردنی بۆ «ناپلیۆنی سێیەم»و تێکۆشانی وەك وەزیرو ئەندام پەرلەمانێك لەپێناو جێگیرکردنی بنەماکانی ئازادیی گوزارشتکردنو تۆلێرانسی سیاسی. «فیکتۆر هیگۆ» دوای ئەوەی کچەکەی «لیۆبولدین» لەدەستدەداو نەفیدەکرێ بۆ بەلجیکا، لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٥١دا نامەیەك بۆ خۆشەویستەکەی دەنووسێو دەڵێ: (ئازیزەکەم ئەم ساڵیش تێپەڕی، ساڵێکی پڕ ئێشوئازارو تێکۆشانو نەهامەتی بوو، بەڵام ئەم ساڵەی کە دێت، ساڵی هیواو کامەرانیو خۆشەویستییە، هیچ گومان لەوەدانییە. من نەفیکراومو لە کەسوکارم دوورخراومەتەوە، لە دڵەوە بریندارم، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەوەندەی تەماشایەکی روخساری تۆ بکەم، وا هەستدەکەم ئاسمان بەرومدا پێدەکەنێ).

چەند مەترێك دوور لە نامەکانی «فیکتۆر هیگۆ»، نامەکانی فرۆکەوان «ئەنتوان دو سان ئەکزوبری» کە خاوەنی رۆمانی (شازادە بچوکەکە)یە، بۆ یەکەمجارە بڵاوکراونەتەوە. ئاشکرایە ئەم فرۆکەوانە نووسەرە هەمیشە نامەی بۆ دایکی نووسیوە کە پەیوەندییەکی تۆکمەو بەهێز هەردوکیانی پێکەوە کۆکردووەتەوە، «ئەنتوان» پێشتر کۆمەڵێ لە نامەکانی لە کتێبێکی قەشەنگدا بەناوی (نامەیەك بۆ دایکم) بڵاوکردۆتەوە، دەزگای گالیمار بەچاپیگەیاندووە. بەڵام ئەو نامانەی «ئەنتوان دو سان ئەکزوبری» کە بۆ کچێکی فەرەنسی نووسیویەتیو لە سوپادا ئەو کچەی ناسیوەو لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکێکدا لەنێوان هەردوو شاری جەزائیرو

وەهران، دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی ئەو کچەوە، بۆ یەکەمجارە بڵاودەکرێنەوە. لەو نامانەدا کەسێتیی ئەم نووسەرەمان بۆ دەردەکەوێ کە چەند بەشەوقو پەرۆش بووە بۆ بینینی ئەو کچەی خۆشیویستووە، نووسەر نامەکانی بە پەنجەمۆرە بەناوبانگەکەی مۆرکردووە، کە وێنەی (شازادە بچکۆلەکەی) لەسەرە، بەو هیوایەی سەرنجی راکێشێت، ئەم نامانە گەرچی بەشێوەیەکی جوان داڕێژراون، بەڵام پڕە لە خەموخەفەت، چونکە خۆشەویستییەکە تەنها لەیەك لایەنەوە بووە، نووسەر بەخێرایی بەم مەسەلەیە دەزانێ، بۆیە لە بەرواری ١٢ یۆنیۆی ساڵی ١٩٤٤ دوازدەهەمین نامەو کۆتا نامەی بۆ دەنووسێو تێیدا گوزراشت لە بێزاریو بێهیوایی خۆی دەکاتو دەڵێ: (ئەمڕۆ بڕیاری خۆم دا، نە ئەمڕۆو نە بەیانی، چیتر شازادە بچوکەکە نامێنێت، شازادە بچوکەکە مرد..ماڵئاوا)، دوای ئەم نامە کورتە بە چەند هەفتەیەك، نووسەر بەخۆیو فڕۆکەکەیەوە بۆ هەتاهەتایە وندەبێت، بە دروستی لە مانگی یۆلیۆی ساڵی ١٩٤٤.

نمایشەکە نامەکانی گۆرانیبێژی بەناوبانگ خاتو «ئایدت بیاف» کە بۆ «مارسێل سردون»ی مولاکمی نووسیوە لەخۆ دەگرێ، هەروەها نامەکانی «گۆستاف فلۆبێر» بۆ «لویز کولی»، نامەکانی «ڤۆلتێر» بۆ «ماری لویز دۆنی» لەخۆدەگرێ، جگە لەوانە نمایشەکە ٢٥٠ نامەی دیکە لە خۆدەگرێ، کە بەدەستی خەڵکانی ناودار نووسراونو وەك شایەدحاڵێکی زیندوو بەسەر ئەو رووداوانەدا دەمێننەوە، کە ڕێڕەوی جیهانیان گۆڕی. لەنێوان ئەو نامانەدا ئەو بەڵگەنامە نهێنییە دەبینین کە سەرۆك «ئێزنهاوەر» تێیدا خۆبەدەستەوەدانی سوپای نازی بۆ هاوپەیمانە ئەوروپییەکان رادەگەیەنێ، لەو بەڵگەنامەیەدا تەنها یەك پەرەگرافی کورت هەیە، کە ئەمەی خوارەوەیە: (رۆژی ٧ی ئایاری ١٩٤٥ سوپاکانی هاوپەیمانان بەتەواوی ئەرکی سەرکەوتنیان بەدەستهێنا). هەروەها ئەو کاغەزە ئەسڵیانەی «ئەلێرت ئەنیشتاین»و «میشال بیسۆ» حساباتی وردی خۆیانیان تێدا تۆمارکردبوو، کە دواتر دەبێتە هۆی دۆزینەوەی تیۆرەی راکێشیان نمایشکراوە. جگە لەوانە ئەو کاغەزانەش نمایشکراون کە «مۆزارت»ی مۆسیقار ئاوازەکانی تێدا نووسیبوونەوە. سەرەڕای ئەوانە دەستخەتی نامەی ئەو خانمەی لە ساڵی ١٩١٢دا بەشێوەیەکی سەیر لە کارەساتی نقومبوونی کەشتیی تایتانیکدا رزگاریدەبێ نمایشکرابوو، رزگاربوونی ئەو خانمە ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی فیکرەیەکی روونو ئاشکرا سەبارەت بە چۆنیەتیی ئەو رووداوەی لەو رۆژەدا رویداوە تۆماربکرێت.

هەر لەو نمایشەدا نامەگەلێکی جیاواز جیاواز دەبینین کە هونەرمەندانو ئەدیبانو سیاسییەکانو حاکمەکان لەگەڵ هاوڕێو ئەندامانی خێزانەکانیان ئاڵوگۆڕیان پێکردووە، وەك نامەکانی «کلۆد مۆنیە، کامی کلۆدێل، ئەندرێ مالرۆ، سیمۆن دی بۆڤار، بیکاسۆ، ماتیس». ئەو نامانە یارمەتیی خوێنەر دەدات بە گۆشە نهێنیو شاراوەکانی کەسە مەزنەکانی زەمەنی رابردوو ئاشنابن، دروست وەك ئەوەی «فیکتۆر هیگۆ» دەڵێ: (بۆ زانینی ترپەی دڵی پیاو شوێنەوارەکانی ژیانی، پێویستە لە نامەکانیدا بۆی بگەڕێت، نەك لە سەرجەم ئەو کتێبانەی کە لە تەواوی ژیانیدا نووسیویەتی).

**سەرچاوە:**

رۆژنامەی الشرق الاوسط/ المنتدي الثقافي ٢٠٠٨/٥/١٣